# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەرانی کردە قوربانی وەکو گوێزەبانە بۆ حەسەن وحوسەین

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەرانی کردە قوربانی وەکو گوێزەبانە بۆ حەسەن وحوسەین ».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا عبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێزەبانەی کرد بۆ* حەسەن وحوسەینی کە کوڕی فاتیمەی کچین، بۆ هەریەکێکیان دوو بەرانی کردە قوربانی (واتە: چوار بەران)، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر دروستی وڕێگەپێدراوی گوێزەبانە (مەڕە منداڵە - عەقیقە) کردن بۆ منداڵی لەدایکبوو. لە فەرموودەکەدا وشەی (کبشا، کبشا) هاتووە، واتە: بەرانێک، بەرانێک سەبارەت بەمە زانایان فەرموویانە: (مەبەست پێی دوو بەران، دوو بەرانە، واتە: چوار بەران. وئەم گێڕانەوەیە لەوەیە خەیاڵێک (وەهمێک) بێت لە لایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە چونکە لە گێڕانەوەی تردا بە دەستەواژەی (کبشین، کبشین) واتە: دوو بەران، دوو بەران هاتووە، وهەروەها لە فەرموودەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە قوربانیکردنی دوو ئاژەڵ لە پەز بۆ منداڵی کوڕ، یان لەوەیە بە مانای ئەوە بێت لە ڕۆژ لەدایکبوونیان دوو بەرانی کردە قوربانی ولە ڕۆژی حەوتەمدا دوو بەرانی تری کردە قوربانی، یان لەوەیە بە مانای ئەوە بێت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو بەرانی لە پارەی خۆی کردە قوربانی وفەرمانی بە عەلی کرد کە دوو بەران بکات قوربانی، ووتراوە: دەستەواژەی (کبشا، کبشا) واتە: بەرانێک، بەرانێک، بۆ ئەوە بێت ڕێگەپێدراوە تەنها یەک ئاژەڵ بکرێتە قوربانی وەکو گوێزەبانە بۆ منداڵی لەدایکبووی کوڕ، ودەستەواژەی (کبشین، کبشین) واتە: دوو بەران، دوو بەران، ئاماژەیە بۆ ئەوەی باشتر وچاکتر ئەوەیە دوو ئاژەڵ بکرێتە قوربانی بۆ منداڵی لە دایکبووی کوڕ، وئەمە مەرج نییە بەڵکو سونەتە، هەموو ئەمانە ڕای پەسەندن). *(بۆ: مەبەست لە جیاتی وبەناوی منداڵەکەوە ئەم قوربانیە دەکرێت، نەک بۆ منداڵەکە سەر ببڕێت چونکە قوربانی کردن تەنها لە پێناو خوای گەورە دەبێت سەر ببڕێت وئەم گوێزەبانەیە پەرستنە وئاژەڵەکە دەکرێتە خێر وقوربانی لە پێناو خوای گەورە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە بارمتەیی نەمێنێت وببێتە هۆکارێکی هێنانی خێر بۆ ئەو خێزانە)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64666

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee